# شەماڵ عەلی: پەکەکە منداڵانی کوردی فڕاندوە و ڕێکخراوێکی تیرۆرستە!

**ئاسۆ بیارەیی/ 2-8-2007 ڕەخنە**

**تاوانبارکردن، ڕەخنەگرتن، پشتڕاستکردنەوە و توێژینەوە پێویستی بەسەرچاوە هەیە بۆ ئەوەی نووسەر یان خاوەن نووسین بتوانێت بڕوای خوێنەر بەلای خۆیدا ڕاکێشێت و بابەتەکەی بە پیت بکات.**

**شەماڵ عەلی لەوەڵامێکدا بۆ د فایق گوڵپی دەڵێت:**

ڕاددەیەک درێژەی هەیە) کە پارە بە پەکەکە بدەن. پەکەکە لە ساڵانی 97و 98 لە کوردستانی عیراق مناڵانی 9 ساڵو 10 ساڵی ئیختیتاف دەکردو لە بارەگا چەکداریەکانی خۆی مەشقی سەربازی پێ دەکردنو تا ئیستاش لە ئەرشیفی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق

**من کارم بە کێشەی نێوان شەماڵ و گوڵپی نیە، بەڵام تاوان دروستکردن بۆ ڕێکخراوێک کە بتوانێت فێستڤاڵی نەورۆزی دوو ملیۆنی سازبکات، بەهەزارەها کورد بهێنێتە سەر شەقامەکانی ئەوروپا و خەباتێکی مودێرنانەی بۆ پەروەردەکردنی گیانی نەتەوەیی و دانانی بناغەی ناسنامەی نەتەوایەتی لە بەشێک لە کوردستان کردبێت، کە 70 ساڵ نکوڵی لە بوونی لەلایەن کەمالیستەکانەوە کراوە، چ پێویستی بە فڕاندنی منداڵانی کورد هەیە؟ بە کام بەڵگە پکک ئەو کارەی کردووە. ڕاستە کاتێک دەسەڵاتدارنی باشووری کوردستان شەڕی پککیان دەکرد، منداڵانی کوردی باشووریان بەو جۆرە پڕوپاگەندانە دەترساند تاکو لە لایەک داگیرکەرە تۆرانیەکان ڕازبکەون و لەلایەکی تریشەوە دوژمنایەتی پکک بکەن و ڕێگە لە گەشەکردنی بگرن.**

**هەرەوها کاک شەماڵ دەڵێت:**

دەسەلات. لەو هەلسوکەوتانەو لە مێژووی کردەوەکانی پەکەکەوە دەردەکەوێت کە بۆ پەکەکە هەر ڕێگایەکو پەنا بردن بۆ هەر چەشنە توندو تیژیەک بە مەبەستی گەیشتن بە دەسەلات ڕەوایە. لەم بابەتەوە پەکەکە لەگەڵ تیرۆریستانی ئیسلامی فەرقیکی نییە. بەڵام

**پێش ئەوەی پکک یان هەر بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخواز تیرۆرست بێت، ئەوا داگیرکەرانی کورستان هەزار پلە پتر تیرۆریسترن و بێجگە زمانی تۆقاندن هیچ نازانن. ئەی مەگەر ڕژێمی تۆرانی فاشستی تورک چی ناکات بە کوردی باشوور؟ لیرەشدا شەماڵ بێ بەڵگە و سەرچاوە پکک تاوانبار دەکات. ئەگەر پکک بوویێتە هۆی خۆسووتاندی دەها گەنجی کورد، بەڵام تا ئێستا بیستووتانە پکک گەنجی تورکی سووتاندبێت؟**

**ئەنجامگرتن**

**بوونی بەڵگە لە هەر ووتارێک و شیکردنەوەیەک ، زمانی نووسەر بەهیزتر دەکات. لێرەو وەڵامەکەی کاک شەماڵ عەلی بۆ گوڵپی لاوازەو و جێگەی بڕوا نیە. ئەو جۆرە وەلامانە پێش ئەوەی بنچینەیەکی زانستی هەبێت، سۆز بەسەریدا زاڵە و خاوەن خامەکەی بردووە بە هەڵەدا.**

**سەرچاوە:**

http://www.dengekan.com/doc/2007/8/shamalAli1.pdf

http://www.kurdistanan.net/index.php?mod=article&cat=drfayiqmuhemed&article=5891